# سینەمای نوێی ئێرانی

**نیهاد جامی**

پرسیارێك لەبەرامبەر ناونیشانی ئەو باسە قوت بێتەوە ئەوەیە بۆچی لەنێو ئەو هەموو شێواز و ستایلە جیاوازەی سینەما.. سینەمای ئێرانی هەڵدەبژێرین بۆ قسەکردن؟ دواتر مەبەست چیە لە سینەمای نوێی ئێرانی؟ ئایا سینەمای ئێرانی بەنوێ و کۆنیەوە سینەمایەك نیە نوقم لە نێو خورافیاتی ئیسلامی؟ هەریەك لەو پرسیارانە لەڕێگەی قسەکردن لە فیلمەکانەوە بەدرێژایی ئەو بابەتە دەگەڕێینەوە سەری ، ئەوەی لەو سەرەتایە پێویستی بە ئاماژە کردن بێت ئەوە پەیوەندیی بە یادەوەری بینەری کوردی کوردستانی عیراقەوە هەیە، ئەو بینەرەی کە لەڕێگەی میدیاکانی بەعسەوە بەردەوام دوو فیلمی فارسی نیشان دەدرا پڕبوو لەمەغزای ئایدیۆلۆژی، مەبەستی سەرەکیش سوکایەتی کردن بوو بە دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەتی ئێرانیەوە لەلایەکی تریش شەڕی کولتوری بوو لەتەك کۆمەڵگای ئێرانی، دیارە بەر لەئاماژەکردن بۆ ناوەڕۆکی ئەو دوو فیلمە پێویستە ئەوە بەهەند وەر بگیرێت بەدوای بەیانەکانی جەنگ ئەو دوو فیلمە وەك سوکایەتی نیشان دەدران، لەبەرامبەر ئەو شەپۆڵە سینەماییەی فیلمی ئێرانی کە بە سینەمای جەنگ ناسرابوو تیایدا سینەماکارانێکی زۆری سینەمای ئێرانی ڕوویان تێ کردبوو تەنانەت هەندێك لەو فیلمانە لەسەر کارەساتی کیمیا بارانکردنی هەڵەبجەش بوو، بەڵام بەر لەوەی بێینە سەر ئەو جۆرە سینەمایەش لەسەر یادەوەری ئەو بەشەی کوردستان لەتەك ئەو دوو فیلمە ئێرانیە دەوەستین، فیلمی یەکەم کە بەردەوام وەك سوکایەتیەکی دەسەڵاتی ئاینی دەوڵەتی ئێران و کولتوری ئێرانی نیشان دەدرا فیلمی(هورمز) بوو کە بەناوی کارەکتەری سەرەکی فیلمەکە ناونرا بوو، ئەو کچە حەوت جار شوو دەکاتەوە دەیەوێ شووی هەشتەم بکات بەڵام قازی پێی دەڵێت یاسا ڕێگای ئەوە کارەی نادات کەچی دواتر لە ڕێگەی فریوو دانی، قازی ڕازی دەبێت بەو مەرجەی دەبێ سەرەتا مێرد بەو بکات دوایی تەڵاقی دەدات بۆ ئەوەی تر، بەو شێوەیەش تا کۆتایی فیلمەکە هورمز نۆ مێرد دەکات، لە مێرد کردنی هەشتەمی بە قازی، دیمەنی ئاهەنگێکی تیایە هورمز دەستە خوشکەکانی بانگ دەکات بەدەوری قازی سەما بکەن، ئەو فیلمە یەکێکە لە بەرهەمی فیلمە کۆنەکانی سینەمای ئێرانی و TVی عێراقی وەك دەرخستنی وێنەی ناوەوەی ئێران نیشانمانی دەدات وەك چۆن فیلمێکی تر سەر بەهەمان قۆناغی سەرەتاکانی ئەو سینەماییە ئەویش فیلمێکە پاڵەوانەکەی ناوی (حەسەن کەچەڵ) و عاشقی کچە پاشایەك دەبێت، کچە پاشاش دڵی بە کەچەڵ خۆشە، بیرۆکەی ئەو فیلمە تارادەیەکی زۆر لە چیرۆکی(کەچەڵی کۆتر بازی) سەمەدی بیهرەنگیەوە نزیکە، ڕۆژێکیان حەسەن کەچەڵ وە ك پیشەی هەمیشەی لەحەمامێك دەنوێت بەردێك ژێر قاچەکانی دەخورێنێت دواتر گەردەلوولێك کەل و پەلی حەمامەکە بۆ ئاسمان دەبات، تاوەکو کەچەلێکی تری لێ پەیدا دەبێت بەناوی (حوسێن کەچەڵ).

لێرەوە کەشێکی کۆمیدیی باڵ بەسەر ئەو بەرهەمە دادەگرێت، کارەکانی حەسەن لەلایان حوسێنەوە دەبێتە مایەی گاڵتە جاری، دواتر حەسەن و کچە پاشا بەیەك دەگەن و سەرەنجام حوسێن کەچەڵ پیرۆزبایان لێدەکات و فیلمەکەش تەواو دەبێت.

هەڵبەت لەپاڵ نیشاندانی ئەو فیلمە لەلایان TVی عێراقیەوە وەك وێنەیەکی سینەمای ئێرانی نیە، هێندەی بۆ سوکایەتی کردنە بە کولتوری ئێرانی، بەوەی ئێرانی خاوەنی کولتورێکن لەسەر خورافە و ئەفسانە درووست بووە، تەنانەت ئەو کاتانەی بەعس ڕۆژانە چەند سەعاتێك بەزمانی فارسی لە TV بە بەرنامەکانی موجاهیدی خەلق دەدات، دیسان فیلمی حەسەن کەچەڵ لەپاڵ گۆرانیەکانی سەردەمی شای ئێران دەبنەوە بەشی شێری ئەو پرۆگرامانە، دیارە ئەوەیان دەرفەت بۆ تەفسیری زۆر جیاواز هەڵدەگرێت لە پەیوەندیی نێوان کولتوری ئێرانی و دەسەڵاتی سیاسی، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو ووتارە بەمەبەستی قسەکردنە لەسینەما ناچارین واز لەو جۆرە تەفسیرانە بێنین، بەڵام بەرلەوەی بێینە سەر ئەو گۆڕانەی ئەو سینەمایە بەخۆیەوە دەبینێت سەرەتا لەسەر چۆنیەتی درووست بوونی سینەما لە ئێران دەوەستین و ئاوڕێکی خێرا لەفیلمە بەراییەکان دەدەینەوە.

گەڕانەوە بۆ مێژووی سینەمای ئێرانی بەتەنیا لەوێوە دەست پێناکات کاتێ یەکەم فیلمی ئێرانی بەرهەم دێت، بەڵکو ئەو مێژووە لەگەڵ هاتنی کامێراو کەرەستەکانی بەرهەم هێنانی سینەما سەرهەڵدەدات، دیارە لەیەکلاکردنەوەی مێژووی ئەو سینەمایە سەرچاوەکان

شتێکی جیاواز نالێن چونکە هەموویان لەسەر مێژووی ڕووداوەکان لەیەکەوە نزیکن ئەوەش ئەوەمان بۆ ساغ دەکاتەوە کە ئەو سینەمایە مێژووەکەی بۆ 1900 دەگەڕێتەوە ئەوکاتەی شا موزەفەرەدین لەڕێگەی گەشتەکەی بۆ ئەوروپا کامێرایەکی سینەمایی دەکڕێت، یەکەم کاری سینەمایی لەلایان وێنەگرەکەیەوە(میرزا ئیبر اهیم خان) وێنە دەگیرێت لەبارەی ڤیستڤالێك بۆ گوڵ کە لەشاری ئۆستاند لە 1900⁄8⁄18ساز کراوە بەڕای هەموان ئەو فیلمە بەیەکەم بەرهەمی سینەمای ئێرانی ناو دەبرێت.

تاسەردەمانێکی درێژ سینەما وەك گەمە و ئارەزویەك لەژێر دەستی دەسەلاّت دەرنەچوو، تەنانەت ئەوکاتەش کە لە 1904 یەکەم هۆڵی سینەما لە ئێران کرایەوە، ئەوەی سەیریش بکەوێتەوە ئاشنا نەبونی خەڵکی تاران بوو بە سینەما، بەو پێیەی کە پایتەخت دەبێت هەرگەشەیەکی فەرهەنگی لەوێ زیاتر ڕەنگ بداتەوە کەچی لە ئێرانیدا پایتەخت نەیتوانی بەشداری لەو گەشە فەرهەنگیە بکات، بەڵکو تا بیست ساڵ دوای ئەو سەرهەڵدانە ئەوسا یەکەم هۆڵی سینەمایی لە تاران کرایەوە، دواتر لە 1928 هۆڵێکی تایبەتیش بە ژنان کرایەوە، ئەو هەنگاوە دەشێ وەك یەکەم بانگەشە بۆ سینەمای فێمێنیستی چاو لێبکەین، ئەگەرچی دواتر بەهۆی نەبونی توانای دارایی و بودجەیەکی ڕێکخەر پرۆژەی ئەو هۆڵە شکستی هێنا، بوونی هۆڵی سینەما بەتایبەت لەپایتەخت ترسێکی ڕووبەرووی پیاوانی ئاینی کردەوە ئەویش ترسییێکی کولتوری بوو لەبەرامبەر شەپۆڵی فیلمی بیانی، بەوەی ئەو فیلمانە نامۆن بە کولتور و پەروەردەی کۆمەڵگای ئێرانی، کە دەبێتە هۆکارێك بۆ دوور کەوتنەوە لە ئاینی ئیسلام، بەلاّم ئەو ترسە نەیتوانی شتێك لەو واقیعە بگۆڕێت تا ساڵی 1932 تائەوکاتەی دەرهێنەر (ئۆهانس ئۆهانیان) فیلمێکی درووست کرد بەناوی "حاجی ئاغا" کە فیلمێکی بێدەنگ بوو، لەئەرشیفی ئەو سینەمایە ئەوە کۆنترین فیلمە تا ئێستا مابێتەوە، فیلمەکەش ناڕاستەوخۆ کەوتبووە ژێر ئەو هەڕەشە و ترسەی سینەما لەولاّتەکەیاندا درووستی کردبوو، ئەو فیلمە تائەمڕۆ وەك سەرەتاو هەولێکی مێژوویی سینەمای ئێرانی تەماشا دەکرێت، بۆیە دەبینین یەکێك لەدەرهێنەرەکانی ئەمڕۆی سینەمای ئێرانی کە(ناسری تەقوایی) ە لەفیلمی(کاغەزی بێ خەت) دیمەنێکی ئەو فیلمە وەك هەولێکی مێژوویی ئەو سینەمایە نیشان دەدات، لەگەڵ باسکردنی سەرەتای درووست کردنی فیلم لە ئێراندا، ئەوەش سوور بوونی ئەو دەرهێنەرەیە لەسەر ئەو سینەمایەدا.

ساڵێك دوای فیلمی(حاجی ئاغا) ئێران یەکەم فیلمی دەنگداری بەخۆیەوە بینی وەهەم یەکەمە فیلمیش بوو کە سانسۆر بیگرێتەوە ئەویش فیلمی (کچێکی خێڵی لور)ی دەرهێنەران "ئەردەشێر ئێرانی" و "عەبدولحوسێن سەربنتا"بوو، فیلمەکە لەولاّتی هند وێنەی گیراوە.

ئەو سەرەتایە دەبوو ببێتە هاندەرێکی پتەو کەچی بەپێچەوانەوە لەنێوان سالاّنی1938-1948 هیچ فیلمێکی ئێرانی بەرهەم نەهات، بەڵکو هۆڵەکانی سینەماش تەنیا فیلمی ئەمریکی و هندی و میسری بەخۆوە گرتووە، بۆیە مێژووی ئەو سینەمایە تەنیا مێژووی لەدایکبونی بووە، چونکە تا ساڵی 1950 ژمارەی فیلمی بەرهەم هێنراو(13) فیلم بوو، کەبەپاڵ پشتی میسریەکان و هندیەکان بەرهەم هاتوون، بەلاّم فیلم گەلێك بوون زیاتر بەرەو لای پێکەنین و کات بەسەربردن چووە، تا دەرهێنەر (سیاماك یاسامی)ساڵی 1965 توانی بەفیلمی (خەزینەی گارون) توانی ئەو سینەمایە بباتە نێو تێڕوانینێکی ترەوە، ئەگەرچی شەپۆڵی فیلمی ئێرانی لەناوەوەی وولاّت بەڕادەیەکی سەیر پێشوازی لێدەکرا، بێئەوەی گوێ بدرێتە ئاست نزمی کارەکان، ژمارەی هۆڵەکان زیاد دەبوون و لە 1963 هۆڵەکانی سینەما ژمارەیان گەیشتە 300 هۆڵ، لەو ساڵەدا تەنها لەتاران 33 ملیۆن پلیت فرۆشراوە، دیارە دواتر سینەمای ئێرانی ڕووی کردە جۆرە فیلمێکی تر کەخەڵکی پێشوازیەکی گەرمیان لێی کرد، ئەویش ئەو فیلمانەی کە لەسەر ململانێی کۆمەلاّیەتی درووست دەکراو تیایدا بیرۆکەیەك زۆر ڕەنگی دەدایەوە ئەویش هەڵەکردن بەرەنجامی ئاوەژوو بونەوەی بارودۆخ و ژینگەو پەیوەندیەکانە وەك لەفیلمی(دزێکی بەشەرەف) ی مەجیدی موحسینی 1958 دەبینرێ، پاڵەوانەکانی ئەو فیلمە کارەکتەری خاوەن بە ئەخلاق و ویژدانن، بابەتی سەرەکیش کێشەی هەژاری و ستەمی کۆمەلاّیەتیە، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی سینەماکاران بیر لە نووسینی ئەو بابەتانە بکەنەوە، دامەزرێنەری کتێبخانەی سینەمایی لەو وولاّتە(فاروق غەفری) ڕۆڵێکی بەرچاوی لەو کتێبخانەیە بینی بەهۆی شارەزایی لەسینەما وەك یاریدەدەری دەرهێنەری فەڕەنسی(هنری لانگۆ) تاوای لێهات هەرخۆشی بابەتی فیلمەکانی بنووسێت، بەڕادەی

ئەوەی هێندە لەواقیعی کۆمەڵگاکەی نزیك دەکەوێتەوە کەفیلمێکی بەناوی(باشوری شار) 1958 تاپێنج ساڵ سانسۆر بکرێت، هاوکات نیشاندان و کۆتایی هێنان بەسانسۆر کردنی هاوکات بوو لەگەڵ نیشاندانی فیلمی(ماڵی ڕەش)ی فروغی فروخزاد، دیارە ئەو دوو فیلمە کاریگەریەکی تەواوی لەسەر چێژی ئیستاتیکی لەسینەمای ئێرانی درووست کردووە، بەتایبەت فیلمەکەی فروغ بەلای(حەمید داباشی) ەوە یەکەم فیلمی ئێرانیە هەڵگری خواستێکی ڕاستەقینەیە لە سینەمادا.

ئیلتیزامی سیاسی و ڕەوتە نوێیەکانی سینەما بۆماوەی دەساڵ دووهێلی ئاوێتەی ناو یەکتری بوون ڕێك بەمانای لەنێوان ساڵانی 1969 تا 1979 واتە تاهاتنە سەر حوکمی شۆڕشی ئیسلامی، ئەویش وابەستەبوون بوو بەگوتاری سیاسەت لەفیلمەکانی (مانگا)ی داریوش مەهروجی و (گیسار)ی مەسعود کیمیایی بەڕووی ئەو سینەمایە دەرکەوتووە، وەهەرچی لەنێوان ڕەوتە نوێیەکانی سینەما و بەتایبەت بەواقیعی نوێی ئیتاڵی لەچەند فیلمێکی وەك(موسافیر)ی عەباسی کیا روستەمی(تەوژمی باران) ی بەیزایی و (خواحافیز برادەر)ی نادری.

ئەگەر ئەمڕۆ سینەماکارانی ئێرانی سەرباری کارەکانیان ڕووبەڕووی سانسۆری دەوڵەت ببنەوە بەوەی نابێت کارەکانیان لادان بێت لەئاکار و نەریتی ئیسلام، ئەوا لەڕابردووشدا ئەو سینەمایە ڕووبەرووی هەمان سانسۆر بۆتەوە لەبەرامبەر دەسەلاتی شادا، بۆیە لەو ڕۆژگارەشدا گوزارشت کردن لە خود یەکێك بووە لەسانسۆرترین ئەو بابەتانە، هۆیەکەشی پەیوەستە بەگەندەڵی و هەیمەنەکردنی شا بۆسەر وولات وەك چۆن دەرهێنەر ئەمیری نادری لەفیلمی(هرمۆنیکا) 1973 لەڕێگەی تێکەڵ کردنی واقیع و خەیاڵ و لەڕێگەی ناڕاستەوخۆ ئەو پەیوەندیە دەردەخات، یاخود فیلمێکی تری ئێرانی بەناوی(ڕەزای ماتۆر لێخوڕ) کەشێتێك لە شێتخانە ڕایکردووە ئەو شێتە لەو فیلمەدا نوێنەری توێژی ڕۆشنبیرانە لەوەی کۆمەڵگا تووشی دڵە ڕاوکە هاتووە لەسەپاندنیتازەگەری بەسەر وولاتدا، لەکاتێکدا ڕابردوو بەبەردەوامی لەناویدا لەدایك دەبێتەوە.

لەگەڵ کۆتایی هاتن بەدەسەلاتی شا و هاتنی حوکمی کۆماری ئیسلامی هێرش کردنە سەر سینەماکان و سوتاندنی هۆڵەکان یەکێك بوو لەو کارانەی شۆڕش لەئەستۆی خۆی گرت تا ڕۆژی 11ی شوباتی 1979 خومەینی لێدوانێکیدا و هانی سینەماکارانیدا بەردەوام بن بۆکاری سینەمایی، لەگەڵ خوڵقاندنی چوارچێوەیەکی جوانکاریی و ئایدیۆلۆژی بۆ سینەمای ئێرانی کە هاوجوت بێت لەگەڵ پەروەردەی ئیسلامی، ئەو وتەیەی خومەینی بوو بە بنەمایەك بۆچوار چێوە و ڕێسایەك لەسینەمای ئێرانی، بەوەی دواتر ئەو چوارچێوەیە دەست نیشان کراو، تائەمڕۆکەش دەبێ سینەماکاران پێیەوە پابەندبن، ئەوانیش نابێت بینەر وا لێبکرێت هاوسۆز بێت لەگەڵ تاوانبار، وە قەدەغەکردنی هەندێ دیمەن لەوانە بازرگانی کردن بە تلیاك و نزیك بوونەوە و بەریەکەوتنی نێوان ژن و پیاو، تەنانەت گەر ئەو دوو کەسە لەواقیعدا ژن ومێردی یەکتریش بن، وە ڕێزگرتن لەژیانی هاوسەریی و نزیکنەبوونەوە لەخیانەتی هاوسەرێتی گریمانەیەکی سەپێنراوی کۆماری ئیسلامیە بۆ ئەو سینەمایە، ئەوە لەپاڵ هەر هەڕەشەو مەترسیەك کە بۆسەر دەوڵەت و پیاوانی ئاینی بێت بەوەی نابێ کارەکتەری ئاینی بەشێوەیەك بخرێت ڕوو بەوەی ببێتە مایەی پێکەنین.

دیارە ئەو گریمانەیەی دەوڵەت بۆ سەر سینەما تەنیا گریمانەی پەیوەندی نێوان سینەما و کامێرا نیە، بەوەی نابێت بینەر ئەوانەی پێ نیشان بدرێت، بەڵکو ئەو کارە دەسەپێنرێتە سەر ستاقی کارەکەش بەوەی ماکێر لەکاتی ئارایشت کردنی ئەکتەرەکان دەبێت ماکێری ڕەگەزەکان سەر بە ڕەگەزی خۆی بێت، بەمانای قەبووڵ ناکرێت ماکێرێکی پیاو ئارایشتی ئەکتەرێکی ئافرەت بکات، ئەوەش بەو مەبەستەیە هیچ نزیکبونەوەیەك و بەریەکەوتنێك لەنێوان ئەو دوو ڕەگەزە ڕوو نەدات، هەریەك لەو خاڵانەش بوونە بە بنەمای ئەو سینەمایە، تەنانەت ئەو سینەمایە چەندە لەخەلاتە جیهانیەکان نزیکیش بکەوێتەوە بەلام ئەوانە بنەمای کارکردنن و نابێت لێیان لابدرێت.

لەگەڵ سەرهەڵدانی جەنگی نێوان عیراق و ئێران، سینەمای ئێرانیش بەشداری لەو جەنگە کرد، لەڕێگەی سینەمایەك کەتیایدا بەدڕندە نیشاندانی سوپای عیراقی بوو، لەلایەکی تریش داکۆکی کردن لەبەها ئیسلامیەکان بەشێکی تری سینەمای جەنگی ئێرانیە کە سەرەتا گەورە دەرهێنەرێکی وەك(موحسین مەخمەلباف) یش کەوتە ژێر کاریگەری ئەو سینەمایەوە، مەخمەلباف لەو سینەمایەدا

بەتوانایەکی مەزنەوە دەرکەوتووە، فیلمەکانی بەدیارترین بەرهەمەکانی سینەمای جەنگ ناو دەبرێن، وەك چۆن بەر لەشۆڕشی ئیسلامی فیلمەکانی(ئەمیری نادری و بەهرامی بەیزایی) بەشداریی کاریگەریان هەبوو لەسەر گۆڕینی ستایل لەو سینەمایە، ئەو دووانەی دواتر جارێکی تر لەو سینەما نوێیە بەشداربوون، سینەمای جەنگی ئێرانی سینەمایەکە بەلای ڕەخنەگران (مارتن) و(هامایۆن) ئەو فیلمانە وێنەیەکی گەشی ئەو وولاتە دەرناخات، بەڵکو بلاوبوونەوەی لەلایان دەوڵەتەوە بەمەبەستی گەش نواندنی وێنەی کۆماری ئیسلامیە، هەربۆیە بەشێك لەو فیلمانە لەناو ئێراندا قەدەغە کراون، کەچی لەدەرەوە دەوڵەت کار ئاسانی دەکات بۆ بلاوبوونەوەی.

کەچی بەدوای ئەو قۆناغە سینەمای ئێرانی توانی لەڕێگەی فێستڤاڵە جیهانیەکان بەرەو پێشەوە بڕوات بەتایبەتی لەسەر دەستی دەرهێنەرانی وەك(عەباسی کیا روستەمی، سەمیرە مەخمەلباف، مەجیدی مەجیدی، بەهمەنی قوبادی، تەهمینە میلانی).

لەبارەی ئەو گەشەسەندنە لەم دواییانەدا (د.ئەنیاس دی ڤیکتۆر) لەسیمینارێکدا کە لەپاریس سازکرابوو، ئاماژەی بۆ ئەو بەرەو پێشچوونەوە کرد، بەلایەوە یەکێك لەگرفتە سەرەکیەکانی مەسەلەی سانسۆرە، کە بەشێوەیەکی زۆر توند ڕووبەرووی سینەماکاران دەبێتەوە، بەلام بەلایەوە سانسۆر زیاتر سانسۆری نەریتیە دەنا دەوڵەت دەسکاری ئەو لایەنە سیاسیانە ناکات کە لەسیناریۆکان هەیە، کەگەورە دەرهێنەران کاریان تێدا کردووە، بەتایبەت لەجەنگی لەگەڵ عیراقدا، ئەو لەباسەکەیدا بایەخی ئەو سینەمایەی گەڕاندەوە بۆ "ئارەزوو لەپارێزگاری کردن لەگەورەترین شێوازەکان بۆ کات بەسەربردنی کۆمەڵی، وەدەیانەوێ شاشەی سینەما بکرێت بەئاوێنەیەك کە پێچەوانەی کۆمەڵگای ئیسلامی ئێرانی بێت"بەمانای سینەمای ئێرانی هێندەی بەلای دەوڵەتەوە دەبێت سینەمایەك بێت سیماکانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی بەئێرانی ببەخشێت و هەموو پێچەوانەکانی ئەو کۆمەڵگایە سانسۆر دەکات، ئەوە جێگای بایەخیەتی نەوەکو کاری سیاسی.

لەدەرەوەی ئەو بۆچونەوەش دەتوانین ئاماژە بۆ فیلمی(ئاوازی قومری)بکەین وەك نمونەیەك بۆ سینەمای خۆشەویستی، یاخود فیلمی(دوو ژن)ی تەهمینە میلانی، کەلەنێو خۆپیشاندانی خوێندکاران و وەستانی ڕۆژنامە لەلایان دەوڵەتەوە، دەیەوێ دیدێکی ترمان پێ ئاشنا بکات لەبارەی بزووتنەوەی فێمێنیستی کە دەکرێت ئەو فیلمە و کارەکانی تری دەرهێنەر بەبەرهەمی سینەمای فێمێنیستی ئێرانی ناوبەرین، ئەو دیدە ئەگەر وەك(د.ئەنیاس دی ڤیکتۆر) دەڵێت پێچەوانەی واقیعی کۆمەڵگا بێت بەلام لەڕوویەکی تردا پێمان دەڵێت سینەمای ئێرانی بەهۆی ئیسلامبوونیەوە دەشێ بەسینەمای دواکەوتن و خورافە ناو نەبرێت.

**تێبینی: ئەم ووتارە دەسپێکی لێکۆڵینەوەیەکی فراوانە لەبارەی سینەمای ئێرانی**

---

**مافی بلاوکردنەوەی ئەم نووسینە لەلایەن نووسەرەوە پارێزراوە**

**دەنگەکان**